# چەند سەرەنجێک لە یادی ڕاگەیاندنی حوکمداریێتی یەکەم پاشای کورددا

سالار حیسامی

کورد بۆچی نابێ بە خاوەن دەوڵەت؟ لەمێژووی سەرلەبەری گەلانی جیهاندا، ڕەمز و فاکتەکانی بەدەوڵەتبوون و دامەزرانی حکوومەت و دەوڵەتی نەتەوەیی، ڕوون و ئاشکرایە. هەر نەتەوەیەك ئاو و خاك و زمانی هاوبەش و مێژووی شەفاف و کلتووری خۆی هەیە و گەلانی دنیا ئالا و مارشی نەتەوەییان دیارە و هەموو هێماکانی نەتەوەیی خۆیان ساغ کردۆتەوە، مۆڵەت بەکەسیش نادەن دەستدرێژی بکاتە سەر سەروەرییەکانیان و ئەوەی هێڵە سوورەکانیان ببەزێنێ، ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەڵام نەتەوەیەکی لێقەوماو هەیە کە وێڕای پێشینەیەکی پڕ لە سەروەری، هێشتا بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد نەبۆتەوە.

لەهەزارەی سێهەمی زایینیدا، لە سەدەی داڕمانی کۆشك و تەلاری دیکتاتۆرییەکان و لەچاخی سەقامگیرکردنی ئازادی و دیموکراسیدا، گەورەترین نەتەوەی سەرگۆی زەوین کە لە بە دەوڵەتبوون بێبەش کرابێت، یاخود ئەم مافەی لێ زەوت کرابێت، نەتەوەی کوردە و هۆکارەکانی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییش گەلەك زۆرن.

بێگومان هیچ نەتەوەیەك خۆی بە دەستی خۆی، خەون و ئاواتەکانی لە گۆڕ نانێت، بەڵام ئایا وەدینەهاتنی خەون و ئاواتەکانی کورد، تەنها لایەنی دەرەکییە یان کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانیش ڕۆڵی نێگەتیڤیان لەم بوارەدا گێڕاوە؟ ئایا جگە لە دەستتێوەردانەکانی دەرەکی و خۆتێهەڵقورتاندنی زلهێزەکانی دنیا لە سەر دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کورد، کۆمەڵگەی کوردی خۆی بە دەستی خۆی کفنی بە بەر داوا ڕەواکانی خۆیدا نەکردووە؟!

جگە لە چوار کەرتی کوردستانی بە زۆر دابەشکراو، لە زۆر شوێنی دیکەی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا، تاکی کورد بە بێ ویستی خۆی پەڕاکەندە کراوە، پتر لە 40 ملیۆن کورد، نە سەرکۆمارێکیان هەیە و نە پاشایەکیان وەك سیمبۆلی حاکمییەتی کوردی هەیە و نە نیشانەیەك لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئارادایە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە نەتەوەی کورد یەکێکە لە گەورەترین و کۆنترین نەتەوەکانی دنیا کە هەتا ئێستاش خاوەنی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ نییە و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دانەمەزراندووە. هۆکارەکانی ئەم ناکامییانەی کورد گەلەك زۆرن.

ئەز سەرباسی نووسینەکەم بە پرسیارێك دەستپێکردووە(کورد بۆچی نابێ بە خاوەن دەوڵەت؟)، ئەم پرسە دەیان پرسیاری دیکەی لێدەکەوێتەوە: ئایا کورد خاك و ئاو و زمانی هاوبەش و مێژووی تایبەت بە خۆی نییە؟ ئایا تاکی کورد لە دامەزرانی دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەت و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بێزارە؟ ئایا فامی سیاسی کورد، کرچ و کاڵە و لە ئاستی دیپلۆماسیی نێو نەتەوەییدا نییە؟ ئایا ڕای جیهانی و سیاسەتی نێو دەوڵەتی، نەتەوەی کوردی پشت گوێ خستووە و زلهێزەکان هەر بە نیازن کورد بکەنە قوربانی سات و سەوداکانی خۆیان؟ ئایا فام و هەست و هۆش و بیری نەتەوەیی تاکی کورد لاوازە؟ ئایا کورد هێماکانی نەتەوەیی خۆی ساغ کردۆتەوە؟ ئایا ئالا و زمانی فەرمی و مارشی نەتەوەیی خۆی یەکدەست کردۆتەوە؟ ئایا خۆی لەوەدا ساغ کردۆتەوە کە کوڕی کاوەی ئاسنگەرە یان کوڕی میدیا و کەیخەسرەو؟ ئایا بنەماکانی مێژووی خۆی لە شکڵێکی گۆترەیەیی ڕزگار کردووە؟ ئایا کورد توانیویەتی کێشەی چارەنووسی خۆی وەك کێشەکیەکی جیهانی پێناسە بکات؟

ئەو پرسیارانە و دەیان پرسی لەو بابەتانە هەویرێکە و ئاوی زۆری گەرەکە،




بۆیە وەڵامەکانی بۆ خەڵکی پسپۆڕ بەجێ دەهێڵم و تەنها بە شیکردنەوەی یەك دوو پرس، پەسەندە دەکەم. ئەویش نەبوونی مێژوویەکی شەفاف لە لایەك و لە لایەکی ترەوە، زیندوو ڕانەگرتنی سیمبول یان هێماکانی دەسەڵاتی کوردییە.

بۆچی کورد مێژووی خۆی نانووسێتەوە؟ ئایا جیهانگەڕ یان گەشتەوانێك کە بە سەردانێك هاتۆتە کوردستان و مێژووی سەدەیەکی بۆ نەتەوەکەمان نووسیوەتەوە، ئەمە دەکرێ ببێتە بنەمایەکی پەسەند کراو؟ ئایا دیاریکردنی 700 ساڵ پێش زایین وەك بنەمایەکی مێژوویی بۆ سەرهەڵدانی کورد، شتێکی متمانە پێکراوە؟ لە حاڵێکدا ئاسەوارە دۆزراوەکان لە ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکانی کوردنشینیدا، باسی تواندنەوەی ئاسن دەکەن و تەوری دەمەزەرد کراو، دەدۆزرێتەوە کە پێشینەیەکی 8000 ساڵەی هەیە. کەواتە مێژووی ئێمەی کورد شیکاری زیاتری پێویستە و ئەرکی سەر شانی مێژوونووسی کوردە کە بابەتییانە تر کاری لەسەر بکا و بە ڕێچکەیەکی ئەکادیمی وبە ڕەهەندێکی زانستی پاڵفتەی بکا تا وای لێبێت تاکی کورد و تەنانەت دۆژمنانی دۆزی کورد نەتوانن نکۆڵی لێبکەن.

بۆ مێژووی دوور ناگەڕێمەوە کە کواکساری کورد شەڕی ئیمپراتۆریەتە ناودارەکانی دەکرد و شکستی پێ دەهێنان، ئێمەی کورد ڕێبەر و سەرۆکی ڕزگاریخواز و لە مردن نەهاتوومان گەلەك زۆرن، لە سەدەی ڕابردوودا پیران و نەهری و شێخی حەفید و قازی و بارزانی و و ئۆجەلان و سەعید یەزدانپەنا هەنگاوەکانی بەدەوڵەتبوونی کوردیان هەڵگرت، بەڵام کورد بە گشتی سونبولەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی خۆی بەتاقەوە ناوە و بەرامبەر بە ئەزموون و فیدارییەکانی ئەوان کەمتەرخەمە؟

ئێمە لە ژێر کاریگەری سیاسەتی چەوتی هەریەك لە نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان، سەرکردەکانمان لێك جیادەکەینەوە، دامەزرانی حوکمڕانی شێخ مەحموودی حەفید و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە شۆڕشەکانی ترەوە گرێ نادەین؟ جیا لەوانەش سەرکردە حیماسەت خولقێنەرەکانمان فەرامۆش کردووە. هەندێکجار تەنانەت لە سەر زاری ڕۆشنبیری کورد، بە جۆرێك سووکایەتی بە باوەڕپێکراوی کوردان کراوە، کە پێنووسی هەر خەمخۆرێکی کورد شەرم دەکات بیهێنێتە سەر کاغەز...!!!

ڕۆژی (1918/11/17)ی زایینی ڕۆژی ڕاگەیاندنی حوکمداری شێخ مەحموودی حەفیدە. (حەفید زادە مەحموود) کە لە هەموو نامەکانیدا وەك باوەڕپێکراوی کوردان خۆی دەناساند دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانیای گەورە و تەنانەت ڕووسیای ناچار کردبوو داوای برایەتی و دانووستانی لێبکەن.

وەچەی یەکەم پاشای کورد دەبوا وەك پاشا و مەلیکەکانی بەریتانیا و سوید ولاَتانی تر، تەنانەت لە سەردەمی دیموکراسییەت و ئازادیخوازیدا وەك سیمبولێك هەر جێگای ڕێز و تەقدیری تاکی کورد بان، چونکە ئەمە هێمایەکە و ولاَتانی تر کەڵکیان لێوەر گرتووە، بەڵام ئێمە لە فستیڤاڵێکی یادکردنەوەی پاشاکەماندا، ناتوانین هەقی خۆی پێبدەین و تەنانەت بۆ بانگهێشتکردنیش نەوەکانی پاشاکەمان فەرامۆش دەکەین!!

ئیتحادییەکان و پلانی توانەوەی کورد و ئەرمەن و دواتر جێنیش کردنی 10 کورد لە نێوان 100 ترك و کوشتنی شێخ سەعیدی حەفید و هاوڕێیانی لە مووسڵ، کارێکی کرد، شێخ محەممەد قورعانەکەی باوکی بۆ خۆی هەڵبگرێت و تفەنگەی باوکی بدات بە شێخ مەحموودی برای. ئەم شان وەبەر چەك دانەی شێخ مەحموود، کارێکی وای لێکەوتەوە کە نامەی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بگاتە سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی جیهانی لە پاریس (1919/3/20). ئەمەش سەرهەڵدانێك بوو لە بەرامبەر ڕێککەوتننامە شوومەکانی ئەو کات کە بەردەوام بۆ دابەشکردنی کورد، بە نەشتەر کەوتبوونە گیانی خاکی کوردستان.

شێخی گەورە لە ژێر ڕەهێڵەی گوللە و تەرزەی بۆمب و تەق و کوتدا، دەوڵەتی کوردی ڕاگەیاند و لە زۆر سەنگەری ڕووبەڕووبوونەودا چۆکی بە سوپا و هێزەکانی داگیرکەران داهێنا، بەڵام ئایا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکان تا چەند بە شیرپاکی پشتیوانییان لە شۆڕشەکەی شێخ مەحموود کرد؟ هەر ئەوانەی پشتیان تێکرد و بوون بە گۆپاڵی دەستی دوژمن و بوون بە عەبدی زێڕ و زیو، هەزاران تۆمەتی ناڕەوا و داتاشراویان خستە پاڵ پاشای کورد و هەتا هەنووکەش هەموو شکستەکانی کورد بە درۆیەکی بێ بنەماو تەوقەیەکی (مێجرسۆن)ی بەریتانییەوە دەبەستنەوە کە گوایە شێخ مەحموود تەوقەی لەگەڵ نەکردووە!!! بۆچی باسی فیتوای شێخ حیسامەدینی باخەکۆن ناکەن، کە ترکی کرد بە هاودین و کوردی کرد بە خەمخۆری دەسەڵاتی عوسمانی، هەر فتوا نەگونجاوەکانی موفتییە کوردەکان بوو کە دوو دەوڵەتی نوێی عێراق و سوریای لە سەردەستی بەریتانیا و فەرانسە دامەزراند و کوردی تووشی شەڕی ئاوبارێك و کوشتاری بەر دەرگای سەرای سلێمانی کرد، دەنا شێخ مەحموود و جەنگاوەرەکانی بۆ ڕاگرتنی ئالاَی سەربەخۆیی کورد شەڕی دەستەو ئێخەیان کرد.

ئەز شێخ حیسامەدین بەری باپیرانمە و شێخ مەحموود پاشای وڵاتەکەم بووە، ئەگەر باسی فیتوای شێخ حیسامەدین دەکەم کە نەگونجاو بووە لەگەڵ بەرژەوندی سیاسی کورد، ئەمە بەو مانایە نییە کە پشتم لە باپیری خۆم کردبێت و بمهەوێ لە پلەی ئایینی ئەو گەورە مرۆڤە کەم بکەمەوە، شێخ حیسامەدین(باباعەلی باخەکۆن) شێخێکی عرفان و سووفیگەری و بلیمەتێکی ئایینی سەردەمی خۆی بووە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە بیسەلمێنم دین و سیاسەت دوو شتی زۆر جیاوازن و پێویستە هەر کامیان جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆیان هەبێت. هەر ئەوانەی کە کورد وەك برای دینی شەڕی مان و نەمانی بۆیان کردووە و لە سەرووی هەموویانەوە ترکی عوسمانی ئەمڕۆ بێوچان هەڕەشە لە دەستکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستاندا دەکەن. چونکە دوای ڕزگاریی باشووری کوردستان، کورد لە سیاسەتی نێودەوڵتیدا سەرکەوتوو بووە، کێشەکانی بردۆتە نێو سیاسەتی جیهانی و لە نێو کۆشکی سپی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ڕێبەرانی سیاسی کورد بە زمانی نەتەوەیی خۆیان هاتنە لێدوان، بەڵام ڕێژیمەکانی ترکیا و ئێران چاویان بەم سەرکەوتنانەدا هەڵنایێ و بەردەوام پیلانی لە دژ دەگێڕن و ماوەیەکە چاوچنۆکانە و بە بیانووی جۆراوجۆرەوە، میلیشیا و هێزەکانی نیزامی خۆیان لە سنووری باشووری کوردستان نزیك کردۆتەوە و گوندەکانی سەر سنووریان داوەتە بەر پەلاماری بوردمانە قورسەکانیان و بێ بەزەییانە جارێکی تریش دەیان و سەدان خێزانی کوردیان ئاوارە کردۆتەوە.

شەڕ و ماڵوێرانی و ئاوارەیی هەرگیز خواستی تاکی کورد نەبووە، دەبوا داگیرکەرانی کوردستان پەندیان لە ڕابردوو وەر بگرتبایە، دەبوا فامی ئەوەیان بوایە کە نەتەوەی کورد شەڕخواز نییە، بەڵام دەبێت لەوەش دڵنیا بن کە کورد لە بەرامبەر دەستدرێژیدا دەستەوسان نامێنێ و کوردستان دەکاتە گۆڕستانی دوژمنان.

# با نەهێڵین دەوڵەتی تورکیە ڕەوشی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر بکا

## بانگەوازی حیزبە کورد و کوردستانییەکان بۆ بیروڕای گشتی

دەوڵەتی تورکیە هێندێك چالاکیی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بۆ خۆی کردۆتە بیانوو و خۆی ئامادە دەکا کە ئۆپەراسیۆن (عەمەلیات)ێکی نیزامی بۆ نێو خاکی کوردستانی باشوور ئەنجام بدات.

پارتی داد و پێشڤەچوون (AKP)یش بۆ ئەم ئامانجە خراپ و دزێوە، داوا لە مەجلیسی تورکیە دەکا کە دەسەلاَت بدەن بە حکوومەت تاکوو نیزامییەکانی خۆیان بنێرنە کوردستانی باشوور.

بۆ بیروڕای گشتی ڕوون و ئاشکرایە کە ئامانجی دەوڵەتی تورك، لێدانی بنکەو بارگاکانی PKK نیە. مەبەستی سەرەکیی دەوڵەتی تورك پێشگیری لە گەشەسەندنی ئەزموونی کوردستانە.

ژێنراڵەکانی تورك زۆر جاران رایان گەیاندووە و دەڵێن کە: "حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەترسییەك بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیەیە". بە پێی بیرو باوەڕی ژێنراڵەکانی ترك و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیە، کاتێك کوردەکان بۆ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، دەبنە خەتەر و مەترسییەك بۆ سەر تورکیە! لە حالێکدا کە دیاریکردنی مافی چارەنووس یەکێك لە مافە سەرکییەکانی مرۆڤەکانە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داوا و ئیرادەی کوردەکانی کوردستانی باشوورە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان نە تەنیا داوا و ڤین (ئیرادە)ی کوردەکانی کوردستانی باشوورە، بەڵکوو لە عێراقی فیدراڵدا زامنی ئارامی و ئاشتییە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا دەسکەوتی گەلی کورد نییە، بەڵکوو دەسکەوتی هەموو هێزە ئاشتیخواز و ئازادیخوازەکانی ناوچەکەیە. لە بەر ئەوە هەر هێرش و عەمەلیاتێکی نیزامی و هەر دەستێوەردانێکی دەوڵەتانی جیران، نە تەنیا لێدان و لاوازکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵکوو هەروەها لێدانی هێزە ئاشتیخواز و ئازادیخوازەکانی ناوچەکەیە.

دەوڵەتی تورك لە 25 ساڵانەی دواییدا، لە نێو کوردستانی باشووردا، 24 جار عەمەلیاتی نیزامی بەڕێوەبردووە. بەلاَم هیچ کات بە ئامانجەکانی نەگەیشتووە و بێگومان ئەمجاریش پێی ناگا. هێرشی نیزامیی تورکیە بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکا، لە حالێکدا کە ئەمڕۆ هەرێمی ڕۆژهەلاَتی نێوەڕاست پێویستیی بە ئارامی و ئاسایشە، نە ئالۆزی و تێکدان.

گومان لەوەدا نییە کە ئالۆزبوونی ڕەوشی سیاسیی ڕۆژهەلاَتی نێوەڕاست کاریگەری لە سەر سیاسەتی جیهان هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، ئێمە حیزبە کورد و کوردستانییەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ولاَتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، پەیمانی ناتۆ، یەکیەتیی ئورووپا و دەزگا و ناوەند و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی پارێزەری مافی مرۆڤ داوا دەکەین کە لە هێرشی نیزامیی دەوڵەتی تورکیە پێشگیری بکەن.

ئێمە حیزبە کورد و کوردستانییەکان داوا لە هێزە دێموکرات و ئاشتیخوازەکانی ترك دەکەین کە دەنگی خۆیان بە دژی شەڕخوازیی دەوڵەتی تورکیە بەرز بکەن و ببن بە یارمەتیدەر و پشتیوانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێمە حیزبە کورد و کوردستانییەکان داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەکەین کە گوێ بدات بە بانگەوازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعوود بارزانی و بە کار و چالاکییەکانی خۆی کارێك نەکا کە ببێتە بیانوویەك لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان.

ئێمە حیزبە کورد و کوردستانییەکان رادەگەیەنین کە دژی هەموو جۆرە دەستێوەردانێکی دەوڵەتانی داگیرکەر لە نێو کار و بارە نێوخۆییەکانی کوردستانی باشووردایین.

ناوی حیزبە ئیمزا کەرەکان:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پارتی سوسیالیستی کوردستان (PSK)

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریا (Yekiti)

ڕێکەڤتنی دێموکراتی کورد لە سووریا (Wefaq)

پارتی پێشڤەڕۆی دێموکراتی کورد لە سووریا

پارتی دێموکراتی کوردستان - باکوور Bakur – PDKI

پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریا

پارتی ولاَتپارێزانی کوردستان (PWD)

پارتی دێموکراتی کورد لە سووریا (El Parti)

پارتی ئازادی کورد لە سووریا

پارتی ئازادیی کوردستان (PAK)

2007/10/14